بەهاکانی ژیان کتێبێك بۆ بە دڵنگکردن و دڵستەمەکردنی گۆنجان!.. سەدیق سەعید هەواندزی

بیرکرنەوە لە بری ئەوانیتر، یەکێکە لەو تێگەیشتنە خراپانەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرباوە. ئێمە هەمیشە دەماندەوت، تێگەیشتنی خەمان بۆ سەر هەموواندا بگشتێنین، بۆ بۆ ئەوەی درك بکەین، کە مرۆڤەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و خەم و کێشە و مەراقی هیچیان لەویتریان ناچێت. سرووشتی سایکۆلۆژیانەی هەر مرۆڤێك لەویتر جیاوازە، کاتێ کەسێك لە پێناو خۆشویستکەی خۆی دەکوژێت، یان دایکی و دواتر خۆشی دەکوژێت، ئێمە هەموومان ڕەخنە دەگرین، بەڵام دەبێ بزانین کەسمان ئەو نین و کەسیشمان ئەزموونی ژیانی ئەومان نەکردووە، بۆیە نابێت ژیانی خەمان و تێگەیشتنی خەمان بکەینە پێوەر بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئەوانیتر. دەبێ بزانین مرۆڤەکان بۆ جیاوازییەوە دەژین و ژیان دەکەن، مەرج نییە ئەوەی من پێم پەسندە و دڵیەتم، لای هەمووان وا بێت و یاخود تەنها بیرکردنەوەی خەم پێ ڕاست و دروست بێت. مرۆڤ ئەگەر کەسێکی لە ڕوحی خۆشی خۆشتر بوێت و خۆشی لەودا تواندبێتەوە، هەرگیز بۆ مانای جیاواز نەکەوتنەوە نایێت، مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە هەست و ڕوانین و هزر و دنیابینی، بۆیە سایکۆلۆژیای مرۆڤەکان و جیهانبینییان، ئەگەر ئەوەندە نزیك و هاوشێوەی یەکتریش بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پێنتێك هەر جیاواز دەکەونەوە، بۆیە دەبێت ڕێز لە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و ئازادی و تێگەیشتن و ڕوانگە و بیر و ڕایان لە بارەی هەر پرسێکەوە بگرین. ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بۆ ناوی پڕۆپەدانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و گرفتی تاك و خەڵزان، جارێ مەدەك لە نووسین دروست بووە، کە ئەویش مەدی بیرکردنەوەیە لە بری هەموان. بۆ جارێك کەسێك کتێبێك وەردەگێڕێت، یاخود دەنووسێت، مەبەستێتی ئەوەی ئەو لەو کتێبەیدا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە خستوویەتییە ڕوو، بۆ هەموو مرۆڤکی ئەزموون بکات، وەك ئەو چۆن دەڕوانێتە مرۆڤێك، پرسێك، دیاردە و ڕووداوێك، هەموو کۆمەڵگە لەگەڵ ئەودا بن و وەك ئەو بیر بکەنەوە، کە ئەمش ئەوپەڕی تێنەگەیشتنە لە واقیعی سایکۆلۆژی مرۆڤ. مرۆڤەکان، وەك چۆن لە ڕووی بایۆلۆژییەوە لە یەکتری جیان، بەو شێوەیش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی، ژیان و بیرکردنەوەیان جیان.

گەر گوزەرێك بە نێو دنیای کتێب و بڵاوکردنەوە لە کتێبخانەکاندا بکەین، دەیان ناونیشانی سەیر و سەمەرەی کتێب سەرنجت ڕادەکێشن و فریوت دەدەن، ئەگەر یەکجار هوشیار و بیرکەرەوە و خاوەن ناسنامەی کەسیانەی خۆت نەبیت. سەدان کتێب هەن، باس لەوە دەکەن (چۆن بە ڕێژەك دەوڵەمەند دەبیت، چۆن کەنتۆڕی تووڕەیت دەکەیت، لە ماوەی چەند چرکەیەك چۆن دەبیتە زمانزانێکی باش و قسەکەرێکی لێهاتوو، بە ئاسانی واز لە دوو دەی بهێنە، بەچی پیاوان گوێ ناگرن، چۆن زیرەك دەبیت، چۆن زیانی خۆت لە چەند ڕێژەك دەگەیەت، زاڵبە بە سەر زیانت، بە یەك ڕێژ ئەتەکەتەی زیان فێر بە، چۆن بە ئاسانی دەوڵەمەند دەبیت، چۆن بە ئاسانی دەبیە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو) ئەم ناونیشانانە و دەیانی تر، لە ڕاستیدا بە بڕهاکردنی کتێب و بە بازاڕیکردنی کتێبە، لە پێناو قازانجی کەسی و بۆشك لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. بە ئەوەی ببینە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو لە هەر بوارێکدا، ئەوا دەبێ چەندین ساڵ کۆشش بکەین، فێر بین، ئەزموونمان هەبێت، ئیدی نازانم چۆن بە یەك دوو وتاری نێو کتێبەکە یەك دەبینە بەڕێوەبەرێکی سەرکەوتوو؟ بە ئەوەی ببینە زمانزانێکی باش، دەبێ هەزاران کتێب بخوێنینەوە، زمانزانی و ڕەشنبیریی قسەکردن و هونەری دەربڕین، کاری یەك ڕۆژ و دوو ڕۆژ نییە. ئەم جۆرە قسە و بیرکردنەوە سادانە لە کەمەڵگەی ئەمەدا، مەترسی گەورە و کوشندەن، چونکە هوشیاری زەربەی هەرە زەری تاکەکان لەو ئاستەدا نییە درك بە جیاوازییەکان بکەن و قووە ببڕنەوە و بپرسن، بە ڕاست چۆن مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت بەختەوەر بێت؟ ببێتە دانا و زانا؟ ببێتە کاریزما و هەرچی خوێنی گەورەی هەیەتی بە دیبەنێت؟ ئەمە دەماناوێت بە فریودان، یان بە سادە بیرکردنەوە لە شتەکان و بینینیان، جیهانێك لە بەختەوەری و ئاسوودەیی ساختە و قریودەرانە بینا بکەین. جیهانێك مرۆڤ تەنها فێری بە دەنگی، بوودەیی، دەستەمۆیی و ترسنۆکی دەکات و هەرگیز ڕوحی بەرەنگاریی و یاخیبوونی لا دروست ناکات.

کتێبی (بەهاکانی ژیان) کە دکتۆر (فازێ جاف) نووسیوێتی و وەك ئەزموون و ڕەسایەکی گەورەی ڕەنوینیکردنی ژیانی گەنجان، وەك ئەوەی لە ناونیشانەکەی نووسیوێتی دەیخاتە ڕوو، یەکەکە لەو کتێبانەی دەیەوێت بەختەوەرمان بکات، بەڵام فەرمان ناکات چۆن؟ دەیەوێت ببینە کاریزما و بە گۆشبینییەوە بڕوانینە داهاتوو، هەموو کات خوێنی گەورەمان هەبێت و دوور و گۆشبینانە بڕوانینە چارنووس و ئایندەی ژینمان، بەڵام پەیمان ناێت ئەمە چۆن لە ژێر سایەی دەسەاتەکی گەندەڵ و نا بەرپرس، پێ لە جیاوازی چینایەتی و بە دادی دەکرێت؟ چۆن دەتوانین لە نێو ژیانەکی ئەو پڕەی ڕەشبین، بە

ماف و بۆ بوونی سەرتایيترين پێداويستی ژيان، خۆنی گۆرەمان هەبێت؟ مەگەر ئەمە لە فريودان و هەڵخەڵتاندنی مرۆڤ بێت؟ ژاپۆنييەكان دەڵين:(ماسيمان بۆ مەگرن، فڕی ماسی گرتنمان بكەن) دروست دكتەر لەو كتێبەدا، ئەو نيشانی گەنجكانمان دەدات و گەمێيەكی بۆ سەوزيان لە نێو دەريايەكی گەشاو، گەورە و پڕ مەترسی دەداتە دەست و پێيان دەڵێت (دەرياكە ببڕن!) بە درێژايی ئەم كتێبە و بگرە نووسينەكانی ديكەشی، دكتەر بەردەوام جەخت لەوە دەكاتەوە كە دەبێ گەشبينانە گەنج و لاوەكانمان بڕواننە ژيان و هەرگيز نا ئومێد نەبن، خۆنی گەورەيان هەبێت و كاری بۆ بكەن، بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی لە ژيانی سەركەوتووی خۆی لە دەرەوە و هەروەها ژيانی گەنج و لاوانی كەمئەگەی خۆر ئاوايی دەنێتەوە، كە هەر لە دايك دەبن، هەموو مافەكيان هەيە ! ئەم جارە بيركردنەوەيە، لە ڕاستيدا بۆ ئاگايی و بازدانە بۆ سەر حەقيقەتێكی تاڵ ئەويش نەديتنی ئەو واقيع و ژيانە پڕ لە ئازيشە و بۆ مافيەيە، كە گەنجانی كورد تيايدا دەژين. لە وڵاتێكدا، كە گەنج و لاوەكانمان لە بچووكترين ماف و پێداويستی سەرەتايانەی ژيانيان بەبەشن، باسكردن لەوەی خۆنی گەورەيان هەبێت، خەڵادانە لە ژيانی ئەوان. نووسەر لەو كتێبەيدا، هەموو بەهايەك فڕێ گەنجان دەكات، بەڵام گەورەترين بەها، كە ڕوحی ياخيبوون و بوێريی و هاتنەوەيە بۆ گژ دەسەڵاتی ستەمكاران و گەندەكاران، خەڵی لە دەبوێريت و فڕيان ناكات. ئەو پەيمان دەڵێت كە دەبێ بۆ تەنزەوە بڕوانێنە ژيانمان، وەك وتم خۆنی گەورەمان هەبێت، هەميشە گەشبين بين، بايەخ بە جەستە و خەراكی تەندروست بدەين، باوەش بۆ ژيانمان بكەينەوە، بەڵام بۆ داخەوە ئەوەی فەرمانی ناكات و زەر پێويستيمان پێيە و چەقی هەموو گەڵانكاريكيش لەوەوە سەر هەڵئەدات، ڕوحی بەرەنگاريانەيە. كەشی ئەو نووسەرانەی لە ئەورپا ژياون و بەر كەلتووری ئەو كەوتوون لەو دايە، جياوازی لە نێوان خۆنی گەنجكی كورد و گەنجكی سوێدی ناكەن، دەسەڵاتی ديموكراسی و هاووڵاتيبوونی ئەو و خەباتكيانە و دواكەوتووانەی ئەرە لە يەكتری جياناكەنەوە، بەختەوەری مرۆڤی كورد و تاكەكی ئەوروپی، بۆ يەك مەودا و خەون و ئامانج و تێكۆشان دەبينن. من لەرەدا نموونەيەكی بەرجەستە و تاڵ و تراژيدی و واقيعی ژيان بۆ دكتەر دەنمەوە، تا بزانێت نەك هەر ئاسان نيە گەنجی كورد بەختەوەر و شادومان بێت و خۆنی گەورەی لە ژيان هەبێت، بەڵكو هەموو وەستگە جياوازەكانی ژيانی و تا مردنيشی، لە نێو تێشبينيەكی قووڵدا دەژيت. من برازايەكم قوتابی زانكۆی سەرانە و كوڕێ پێشمەرگەيە، زەر جار پرسياری ئەو نادادپەروەريەی نەوان ئەو كوڕە بەرپرسە گەندەڵانە و

خەیم لە دەکات کە دوو دنیا و دوو ژیانی زەر جیاوازیان هەیە ! پرسیار دەکات کە ئەم واقیعەی دروست کردووە؟ ئەمە قەدەرەکی ئیلاهییە؟ یان بەرهەمی ئەو دەسەلاتەیە، کە دکتەر لە کتێبەکەیدا بە یەك وشەش ناخنی ناکات؟ گفتوگۆی لەگەڵ دەکەم و بەوایەکی لا دروست دەکەم، کە ئەمە کار نەکاتە سەر سروشتی ژیان و پەیوەندی نێژانی لە زانکۆ، نێژی دواتر کە چووە زانکۆ، ئەمجارەیان پرسیاری ئەوەم لە دەکات بۆچی جیاوازی لە نێوان قوتابی کوڕ و کچ بە تایبەتی ئاگەر جوان بێت دەکرێت؟ ئەی بۆچی ئەو هەمیشە گیرفانی کەمەك پارەی تێدایە، بەڵام قوتابی هەیە لەگەڵ ئەو لە سایەی باوکە بەرپرس و گەندەڵەکەی، لەگەڵ مەدلەلی ژیان دەڵێوات؟ کە ئەو نایەکسانییەی بەرهەم هێناوە؟ باشە بۆچی بە ئاسانی لێپرسینەوە لەگەڵ قوتابییەکی هەژار دەکرێت، بەڵام لەگەڵ کوڕی بەرپرسێك نا؟ پرسیاری ئەوەم لە دەکات، باشە مامە کە زانکەم تەواو کرد، دەبە دابمەزرێم؟ کارم دەست بکەوێت؟ بتوانم خەزان پێکەوە بنێم؟ داهاتووکی پێ لە سەرکەوتن و گەشبینیم هەبێت؟ پرسیار لە دوای پرسیار، پرسیار بارانم دەکات، تا سەرئەنجام وەڵامەکم پێ نامێنتەوە، جارەکی دیکە بەوایەکی گەشبینانەی ئاگەر کەم و بچووکیش بێت، لا دروست بکەم. بە داخەوە ئەمە واقیعی گەنج ولاوی کوردە، کە فازە جاف دایەوێت هەمیشە گەشبین بن و خەونی گەورەیان لە ژیان هەبێت و بە تەنزەو بڕوانێ ژیانیان، وەك ئەوەی نووسەر گەنجێك بەدوبەختە لە وڵاتەکی ئەسکەندنافیا بژیت نەك کوردستان ! بگومان هیچ بڕهایەك، هیچ خەون و ئایندە و داهاتووێك لە ژێر سایەی دەسەلاتێك بوونی نییە و نایەتە دی، ئاگەر ئەو دەسەلاتە دادپەروەر، یەکسانخواز، پشکەوتوو، مرۆڤدۆست و هاووڵاتی و دیموکراسی و عیلمانی نەبێت. باسکردن لەوەی لە نێو وڵاتەکی خەون کوژ و لە ژێر سایەی دەسەلاتەکی بە نەزککردنی خەونکان، دەبە مرۆڤ خەونی گەورەی هەبێت، بە ڕاستی فریودان و دەستەمکردن و بە دەنگکردنی گەنجانە. هیچ کەمگرێ و تۆڕێك، هیچ گەنج و لاو و تاکێك، ناتوانێت ئامانجی گەورەی لە ژیان هەبێت، ئاگەر سەرتا ئامانجی یەکەمی ئەو نەبێت، ئەو بەربەستانە بەوخەنێت و ئەو ستەم و دەسەلاتە بەباکە نەگۆڕێت، کە گوێ بە خەون و ئایندە و گەشبینیان نادات. ئەمە لە زەمینەی واقیع و بە ئەزموون دەرکەوتووە. بگومان دکتەر نووسەر و ئەکادیمیەکی هوشیار و تێگەیشتوو و ئەزموندارە، زەرباش ئەم حەقیقەتە دەزانێت، بەڵام کە باسی ناکات، لەلایەکەوە چاوی لە دەپۆشێت، لەلایەکی دیکەشەوە وەك ژاپۆنییەکان مەبەستی نییە، فڕی ماسی گرتمان بکات، بەکو دایەوێت تەنها و بە بە دەنگی ماسییەکان بخەین. دەنا لە کوێوە ئەم دنیایەدا، مرۆڤ دەتوانێت لە نەو

زەمینە و ژیانێکی پڕ لە ڕەشبینی و نادادی و بێ مافی، خۆنی گۆڕی هەبێت و ژیان بە بەختەوەریەوە ببینێت و چاوی لە ئاسۆیەکی گەش بێت؟ ئەمە چۆن بتوانین ژیانمان بە تەنزەوە ببینین و بە بکەین، ئەگەر لە نێو فەزایەکی پڕ لە تراژیدیا و شکست و بێ ئومێدیدا بژین؟ دکتەر، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێ گەنجی کورد بەردەوام ئاگاداری خۆراك و تەندروستیی خۆی بێت، جەستەیەکی وەرزشی بە هێز و ڕەکپێش و جوان و سەرنج ڕاکێشی هەبێت، بەڵام پێیان ناڵێت لە بەرانبەر ئەو هەموو نایەکسانی و بێ مافی و گەندەڵیەی هەیە، بیریان چۆن بێت ؟ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ژیانی گەنجی کورد، لای نووسەرێکی دیاریشەوە، مایەی ڕێت کردنەوە و ڕەخنەگرتنە، چونکە ئەمە هەر پەویستیمان بووە نییە بە تەنزەوە بوانینە ژیان، چونکە ژیان وەك کارل پۆپەر دڵێت:
(سەرتاپا هەمووی کێشەیە) یاخود تەنها گرنگی بە تەندروستیمان بدەین ؟ ئەی هێزر و ڕوانین و بیرکردنەوەمان ؟ ئەمە چی لە جەستەیەکی جوان و ساغڵەم و بێ نەخۆشی بکەین، ئەگەر لە نێو ئەو جەستەیە، ڕوحێکی ترسنۆك و دەستەمۆکراو، نا بەرپرسیار و بێ هەست و درککردن هەبێت؟ ئەوەی ئەمە لە کوردستان پەویستیمان پێیە و دکتەر فازە جاف، لە بەر هەر هۆکار و بەرپرسیاریەتی و بەخششکی دەسەڵات بێت، خۆی لە دەبوڕێت و باسی ناکات، ئەو ڕوحە پڕ لە سەرکێشی و سۆك و نەترسەیە، کە بە داخەوە گەنج دەبێت هەیبەت و نیانە، کەچی دکتەر بەو کتێبە و لە ژێر ناونیشانی بەهاکانی ژیان و هێزر و ئەزموون بە گەنجان، ئەوەندەی تر ئەو ڕوحە دەستەمۆکراویان لە ناخدا سووز دەکات و بیریان بە ئەوە دەبات کە بە تەنزەوە بوانن ژیان و خواردنیان تەندروست بێت، بە ئەوەی جەستەیەکی ساغ و بە نەخۆشییان هەبێت و زیاتر بژین ! چش لەوەی ئەو ڕوحەی لە نێو ئەو جەستەیە دایە چۆن ؟! یاخود مرۆڤ بە ئەوەی پەگۆ و بە هایەکی لە ژیان هەبێت دەبێ تەنها کار و هێزی دەستی کار بکەینە پێوەر بە ئەو بەهایانە؟ فازە جاف لەو کتێبەیدا دڵێت:
(کرێکارێکی بەختەوەر لە هەموو کرێکارێك بەرهەمی زیاترە. ل22)
یەکێك لە دەرهاوێشتەکانی سیستەمی سەرمایەداری، کە ئەمڕۆ وێك تاکە سیستەم دنیا ئاراستە دەکات ئەوەیە، کە مرۆڤ تەنها لە کارکردن و هێزی دەستی کار دەبینێتەوە. واتا شوناسی مرۆڤ لەوەدا کورت دەکاتەوە، کە ئەو مرۆڤە چۆندە وێك ئامڕازێك کار دەکات و دەجوڵێتەوە و بەرهەمی لە پێنا و کۆمپانیا و دنیای سەرمایەداری هەیە. لەو سیستەمەدا، مرۆڤ بە ئەوەی بتوانێت بژیت و بەردەوامی بە مانەوەی خۆی بدات، بە ئەوەی بتوانێت شوێنێك لە دنیا و ژیان بگرێت، ئەوا دەبێ بەردەوام کار بکات، بێ سەیر نییە بەلامانەوە

کاتێ دەبینین تاکەکی خەرئاوایی، لە دەستدانی کارەکەی زەر بەلاوە لە مەرگ و مردنی فیزیکییانەی خەی پە بە ئازارتر و ناخۆشترە. لەرەوش گەر سەرنج بدەین دەبینین، هیچ بوارێك بە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان نەماوتەوە و هەریەکەیان تەبەت ئاسا، بە پەی ئەو کار و کاتەی هەیەتی، لە نێو ئامێر و کارگەکان هەموو ژیانی بە سەر دەبات، کە لە ڕاستیدا شێوازێکی نوێی کۆیلایەتییە نێك کارکردن، چونکە هیچ کاتێك نابە کارکردن بکرێتە هەکارێك بە دامەزینی مرۆڤ لە هەموو ئەو هەست و چژە ڕوحی و دەروونییانەی کە دژە لە میانەی پشوودانەکدا وەریبگرێت و بیبینێت. کارکردن لە پێناو ژیانە، کاتە ژیان دەبێتە فاکتەرێك لە پێنا و کارکردن بە تەنها و مرۆڤەکان ئەو بوایەیان لادروست دەبێت کە ئەگەر کار نەکەن هیچ نین، بگومان ئەو کات ئەمە لە بەردەم مرۆڤگەلێك دایە، کە تەنها وەك ئامێرێك دەجوڵێنرێتەوە و ئەو جوانەوەیشی تەنها لە خزمەت ئەوانیترە. بەیە بەستنەوەی مرۆڤ بە جوڵەکردن و کارکردن، ڕاڕاتەکی دیاری دنیای سەرمایەداریە و ڕاڕایەتی پەدانیشی تەنها، دەچێتە خزمەت ئەو دنیا پووچ و بوودڵە و بە بەهایە، کە مرۆڤ هاوتای کار دەکات و کار لە سەرووی هەموو جۆرە بەهایەکی ئینسانییانە دەبینێت، وەك ئەوەی چەند کار بکەی بەختەوەرتری، کە پێچەوانەکەی ڕاستە. لەلایەکی دیکەوە، هیچ کرێکارێك لە دنیا نیە لە یەك کاتدا کار بکات و بەختەوەریش بێت، چونکە ئەگەر بەو تەگەیشتنە بێت، ئەوا چەمکی نامۆکردنی کرێکار و مرۆڤ بە گشتی، کە مارکس باسی لێوە دەکات و دەرئنجامی ئەو پەیوەندییە نایەکسانی و بە مافیەی نێوان چینی پرۆلیتار و سیستەمی سەرمایەداریە نەدبوو. کرێکار بەرلەوەی بەرهەمی زەر بێت مرۆڤە، مرۆڤبوون لەرەدا پەوەرێ و دەبە وەك مرۆڤ هەست بە بەختەوەری و شکۆمەندی ژیان بکات، نەك ئەو بە خۆڕیەی وەك نووسەر دەیێت، ببەستێنەوە بەوەی کە چێند وەك ڕەبەتێك بەرهەمی زیاترە! ئەی ئەو کرێکارانەی کاریان نیە؟ بە بەرهەمن؟ ئایا ئەوانیش مافی ئەویان نیە ژیانێکی بەختەوەرانیان هەبێت؟ یان دەبێت بەرهەمی زەرتر لە خزمەت سیستەمی نامرۆیی سەرمایەداریی و کەمپانیا و سەرمایەدارە دامەدراوەکان لە هەموو شتەك بخەنە بازاڕەوە، ئەو کات هەست دەکەن وەك کرێکارێك بەختەوەر و بوونەکی مانادایان هەیە. هەرگیز نابە بەهای ژیانی مرۆڤك لە کارەکە و بەرهەمەکەی ببینێنەوە، چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە، لە خزمەت چینی بەرژوا و سیستەمی سەرمایەداریە، کە قازانج و دەسکەوت، بازاڕ و ساغکردنەوە، دەکاتە ئامانجی یەکەم و کۆتایی هەر مرۆڤك لە هەر سووچێکی دنیا بێت. بە داخەوە نووسەرانی ئەمەش، لە ژێر ناوی بەهاکانی ژیان و ئەزموونی سەرکەوتوو بە گەنجان، ئەوەندەی تر

ەوایەتی بەو دنیا پە لە نایەکسانی و نامرەیی دەدەن.
نووسەری ئەم کتێبە، هەر لە ژێر ناوی ئازموونێك بە گەنجان، لە شوێنکی دیکەی کتێبکەیدا دەنووسێت:
(هەرگیز گلەیی لە هیچ بارودۆخ و کەس و لایەنێك مەکە، خێت ببە بە ئەندازیاری ژیانی خێت، وەك ئاوەی من خەم بوومە ئەندازیاری ژیانی خەم) نووسەر، پەیامی بە گەنجانی بەشمەینەتی کوردستان ئاوەیە، خەیان ببنە ئەندازیاری ژیانی خەیان! باشە دەکرە وەك خوێندرەك ئاو پرسیارە بکەین، چۆن بتوانن ببنە ئەندزیار لە کاتکدا هیچ کەرستە و کەلوپەلکی ئەندازەیی، دوربینەك، ەووپەوەك، نەخشە و دیزاین و ماکەتکی ئەندازیارییان لە بەردەست نەبێت؟ ئەم بەچوونەی نووسەرم وەك ئاوە دێتە بەرچاو، ئەمە خوانکی جوان و ەازاوە بە کەسکی بە دەست و نابینا ئامادە بکەین و فەرمووی ئاوەشی لە بکەین، لە خوانکە بخوات ! ئەم جۆرە ەوانینە، وەك ئاوەی بە درێژایی ئاو وتارە جۆخنمان لەکردۆتاوە، ەوانینکە بەرهەمی کولتوور و فەرهەنگی ژیانی خەرئاوایە، کە نووسەری کتێبکە بە سانکی زەر و درێژ لە نەوی ژیاوە و سەدان ئازموونی ژیان و کەچی لە وەاتە پشکوتووکانی دنیا، بینیوە و ئیدی ئەم ئازموونە دکاتە ەەنوینیەك بە ئاوەی گەنجانی کوردیش، بەهەمان ئازموونی ئاو تێپبەەن و ژیانکی بەختەوەرانیان هەبێت. نووسەر گەرچی باس لەوە دکات (کە دیدگای هیچ کەس مەکە بەهی خێت. ل 159) بەەام سەیر لەوەدایە، ئاو دیاوێت دیدگای خەی لەو کتێبدا بکاتە دیدگای هەموو گەنجان و لاوانی کوردستان. دواجار دەەم ئەم کتێبە، گەنجان فەری گەلەك بەها دکات، بەەام پەیان نا ێت ئاگەر لە ژێر سایەی دەسەاتکی چەوسێنەر و نادادپەروەردا بوون،بەهای ژیان و بوون ومافتان لە کوە دایە و چی بکەن؟ کە ئەمەش ئاو بەها ەاستقینە و پیرۆز و بەرزەیە، کە ئەمە لە کەمەگەی کوردی پاویستیمانە، نەك ئاوەی شیکپەش و ەەکپەش و تەندروست و ەووك خەر بین، ئیدی خوای دکرد دنیا وەران دەبوو. واتا بە کوردی و بە کورتی، نووسەر دیاوێت بە گەنجانی ئەمە بەە (کەاوی خێتان بگرن با با نەیبات) هەر خوێندرەکیش بەوای وایە من هەەم سەرپشکی دکەم بچێت ئاو کتێبە بخوێنتاوە !

-_____

*پەراوێز:_ ناوی کتێب: بەهاکانی ژیان هزر و ئازموون بە گەنجان، نووسینی: دکتەر فازە جاف، بەاوکراوەی: ەەکخراوی کوردستان دیالەگ _ 2024.

*ئەم باباتە لە هەفتەنامەی ڕۆژگای کوردستان ژمارە (1404) ڕۆژی 10/9/2024 باڵاوکراوەتەوە.

خوێندنەوەی مێژوو لە دەقی میتۆلۆژی ئیلیادە-1-.. یونس تانج

بەشی یەکەم:

نوسین، بەتایبەت نوسینی مێژوویی هەوڵێکە، دیفاکتۆیەکە، بە مانوو و نەمری، زادەی پاش بە ئومێدبوونی مرۆڤ لە گێشتنی بە ژیانی ناکۆتا.
لە ڕووی کاتبەندییەوە (Chronology)، دەشێت گەلێک لە گەلێکی دیکە، زووتر هەشیار بووبێتەوە و دەستی کردبێت بە تۆمارکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مێژوو، بە هەر جۆرێک بێت و لە هەر ئاستێکی ناجۆر و نزمدا بێت، تاکو چ ئادیێک سنورەکانی تێکەڵ بووبێتەوە لەگەڵ قۆناغە بۆراییەکانی بیرکردنەوە و سەردەمەکانی ئۆفسانگاری، ئیشکالییەتێکە لە چیێتی و چۆنییەتی نوسینەکە نیە، گرنگ ئەوەیە کردەی خوێندنەوەی مێژوو بە ئەنجام گەیەندراوە، گرنگ ئەوەیە کەشێک هەیە بە نوسینەوە، ئەگەرچی ئاوەزانی ئۆفسانەکاری و ئۆفسونگەرایی بووبێت، یاخود وەک پەخشانە شیعرێکی وێژەیی دەرکەوێت و مێزی لێکۆڵەران تێژی بکا لە کەرەستەی لێکۆڵینەوە، بەڵکو خودی قەیرانەکە ئەوەیە، دەست نەبردرە بە نوسین و تۆمارکردن، تا لێئاکامدا خۆمان لێبەردەم نێتەوە و کۆتێکی بە مێژوو دەبینینەوە.
مێژوونوسان بە شوێن ئاماژەکانی دەقە ئۆفسانەییەکان وەبوون، بە پشتبەستەیی ئامرازەکانی فەلسەفەی مێژوو بە بونیادنانی کۆگەکانیی خودی مێژوو، چونکە مێژووی کۆنی زەربەی گەلان ئاوێتەیە لە تەک ئۆفسانگاری، نەهامەتییەکە ئەوەیە خاوەنی ئۆفسانە، یان دەقی ئۆفسانەییش نەبی تاکو بە ئیلهام وەرگرتن لەی بنچینەکانی مێژووکەی لەسەر ڕۆبنێی!
ئەوان بەو دنیابینییە کاریان کردووە.. کە دەبێت مێژوو نەشبێت

دروست بکرێت، هەموو شتەکیان نوسیوەتەوە، تاوەکو لە سەردەمانی پاشتر مێژووناسان دەتوانن پەلەنکاری و لەکەینەوە لەبارەی ئەم دەقانەوە بکەن.
ئەفسانەو حیکایەتەکانی گوێی ئاگردان هیچ نین جگە لە کەششی پێشین بە بەجەهەشتنی مەری مێژوو، هەرچەند ئیلیادە بە بەشێک لە ئەفسانە لە قەڵەم بدرێت، بەڵام بووەتە هەی گەڵانی شوێنەوارناسان بەدوای پاشماوەی شاری تڕواد و ساخکردنەوەی ڕووداوەکانی ئیلیاد. بە وێنە بەشێک لەم قۆکەینانە ئاماژە بەوە دەکەن، شارەکە کەوتووەتە بەری ئاسیای بچوک و تورکیای ئیمڕۆ، هەروەها ئەفسانەی ئێنیاد کراوەتە بنەمای لە دایکبوونی شارەکانی ئیتاڵیا و لە سەرهەڵدانی ئیمپڕاتۆریای ڕۆمانی، بەوەی ئینیاس وەک پاڵەوانێکی تڕواد پاش هەرەسی شارەکە بە فەرمانی خواوەند ڤینەس خێی دەربازی ئەو خاکە دەکا کە دواتر بە ئیتاڵیا دادەندرێت.
خواوەندە یۆنانییەکانی شاخی ئۆڵمپس، وەک لەم سە ئەفسانەیەدا دەبیندرێت (ئۆلیادە، ئێنیادە، ئۆدیسیا)، بزوێنەرن و مێژوو دروستدەکەن، بوونەتە بەهادەری چەمکەکانی جوانی و لەهاتوویی و ئیرەس(عیشق) و هەسوودێنەری گەڵەکانی جەنگ لە نێوان مرۆڤ، بوونەتە هەی خەڵقکردنی مرۆڤی نیو-خودا و ئاوێتەبوونی تەرمەی مرۆڤ بەخواوەندەکان، بە وێنە بەرەکی هەڵەنا دەگەڵتەوە بە زیەسی گوورە خواوەندە، بەرەکی ئینیاسیی داستانی ئێنیادە دەگەڵتەوە بە خواوەند مارس و هتد.. دەشێت بیرەکەی بەخودابوونی مرۆڤ و بە کۆبوونی پەیامبەر یەسوعیش لە قەناغی دواتر.. ڕیشەکەی بگەڵتەوە بە ئەم داستانانە، وەک ئاوەی لە بەشێک لە پووختەکراوی داستانی ئیلیادەی هەمیرس()ی شاعیری یۆنانی دەردەکەوێت.
تڕواد(Trojan) شارەکە دەکەوێتە کەنارەکانی ئاسیای بچوک، بە شورا بەند و قایمەکانیی بەناوبانگ بوو، شارەکە لەلایەن پریام پاشا بەناوبانگەوە دەبردرا (پاریس و هیکتەر) دوو لە گەنەکانین، کاتێک پاریس لە دایک دەبێت بەیار دەدەن بیکوژن، چونکە پێشبینی ئاوەیان بە دەکرێت، ئەم کوڕە لە داهاتودا دەبێتە هەی لەناو بردنی شاری تڕواد، بەیە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە شوانێک ڕادەسپێرن بە ئەم کارە، بەڵام شوانەکە دەستی ناچێتە کارپێکەو هەڵدەستێت بە نهێنی بەخێوی دەکات و گوورەی دەکات، پاریسی کوڕی پریام پاشا دەبێتە شوانی مەڕوماڵاتی ئەو ماڵەی لەخێیانگرت.
خواوەندە یۆنانییەکان دەکەونە ناو کێبەکێکەوە، ئیریس خواوەند کە بەردەوام حەزی بە ئاژاوەیە، لە سەر سەوکی سور دەنوسێت بە جوانترین و سەوکە هەڵدەداتە سەر مێزی ئەم سە خواوەندە، (ئەسینا- ڤینەس- هیرا) سە خواوەندەکە لەسەر ئەوەی سەوکە بە

کامەیان بێت دەبێتە ناکۆکییان، دژمنە لای زیەسی گورۆ خواوەند، ئاویش نایەوێ دژی هیچ یەکێکیان بژەنجەنێت، داوادەکات شوانێک بە ناوی پاریس لەبری ئەو بڕیارەکە بدات و جوانترینی ئەم سێ ژنە خواوەندە دەستنیشان بکات.
هەرسێکیان لە بەردەمی پاریسی کوڕی پریام ئامادە دەبن و سەوکەی پێدەدەن، داوای لێدەکەن سەوکە بداتە ئەوەی جوانترینییانە، هەر یەکەی لەبەرامبەر هەبژاردنەکە بەخششێک بە پاریس پێشنیار دەکا، ئاسینا، پێیدژێت سەرجەم سوپای سەر زەویت دەخەمە ژێر دەست، بەجۆرێک لە هیچ جەنگێک شکست نەهێنیت، هیرا، پێیدژێت موڵکی ئاسیاو ئەوروپات پێشکەشدەکەم، ڤینەس، دژێت جوانترین ئافرەتی زەویت پێشکەشدەکەم، بەڵام پاریس پێشنیازەکەی ئافرەدیت (ڤینەس) قبوڵدەکات و سەوکەی پێدەدات.
پاش ئەم ڕووداوە هێڕشێک لە هێڕان لە شاری تڕواودە بۆ ئامادەیی جەماوەر پێشبڕکێیەکی زەرانبازی سازدەکرێت، پاریسی شوان بەشداری دەکات و دەکەوێتە بەرامبەر ئازاترین پیاوی تڕواودە کە هێکتەری برایەتی، بە نیشانەی لێکچووی سەر جەستەیان هێکتەر براکەی دەناسێتەوە و دەستی دگرێت و سەرباری نا هێزایەتییەکان دەیهێنێتەوە کۆشکی پاشایەتی باوکی.
لە گۆشەی یەنانەوە.. هێلینی کچی لیدا و زیەسی گورۆ خواوەند، جوانترین ئافرەت بووە لەم سەردەمەدا، پاشا و پاشازادەکانی سەرجەم شارە دوورەتەکانی یەنان خوازبێنیان کردووە، بە ئەوەی جەنگ لە نێوانیان ڕوونەدات دگەنە ئەوەی کە هێلین هەر یەکێکیانی بە هاوژینی خۆی هەلبژارد، ئەوانی دیکە هێزامەند بن و ببنە هاوپەیمان و پارێزەری خۆی و هاوسەرەکەی، ئەوەبوو هێلینا مینیلاوسی پاشای ئسپارتە وەک هاوسەر هەدەبژێرێت.. کە برای ئاگامەمنون ە.
هێڕشەک پاریسی کوڕی پریام بە کارەکی دوورەتداری لە شاری تڕواودەوە دەنێردرێتە شارە دوورەتی ئسپارتە، لەوە چاوی بە هێلین دەکەوێت و دڵیان بە یەک دچێت، لێرەوە بڕیارەکەی ئافرەدیت پاش هێڕگارێک دێتە دی و هێلینی کچی زیەس، لەگەڵ پاریس ڕادەکەن بەرەو شاری تڕواودە.
هەواڵی ڕفاندنی هێلێن بۆ دەبێتەوە و ئاگامەمنونی برای مینیلاوس، پاشاکان کە دەکاتەوە و ئەویان بە بیر دەهێنێتەوە پێشتر بڕیانیان داوە هاوپەیمانی ئەم دوو هاوسەرە بن (هێلێن و مینیلاوس)، بۆیە لە سەرجەم شارە دوورەتەکانی یەنانەوە سوپاو هێز و پاڵەوانەکانی وەک (ئاخیل و بترەکلیس و ئایاس و ئادیسیەس) کە دەبنەوە بە سەرکردایەتی ئاگامەمنون، بە هەزار کشتیەوە بە ڕێدەکەون بە هەرشکردنە سەر شاری تڕواودە.

پاش جەنگەکی دە ساڵ یۆنانییەکان ناتوانن دەربازی ناو شاری تڕۆوادە ببن، بەهۆی شورا پتەو و بەهێزەکانییەوە، لە وبەووبوونەوەیەک لە دەروەی قولەکان هیکتەر بیترەکلیسی هاوڕێ خۆشەویستەکەی ئاخیل دەکوژێت، بەیە ئاخیل بەیار دەدات بتەوە ناو جەنگەکە، پاش ئەوەی لە ئاگامەنونی فەرماندەی لەشکرەکەیان تووڕە بووە و ڕێزەکانی سوپای جەهشتووە، بەیە دەگەڕێتەوە مەیدانی جەنگ و لە ووبەووبوونەوەیەک دەتوانێت هێکتەری برای پاریس بکوژێت، لە بەرامبەردا پاریسی کوڕی پریام دەتوانێت خاڵی لاوازی ئەکلیریس(ئاخیل) بدۆزێتەوە و گورزێک لە ژێر پێیەکانی بدات و لە تڕۆی هێکتەری برای کۆتایی پێبهێنێت.
گەلێک لە پاڵەوانەکانی یۆنان و تڕۆوادە لە ناو دەچن، تەنانەت بەشێک لە خواوەندە یۆنانییەکان دابەش دەبن لە نێوان پاڵپشتیان بە دوو بەرەکە، هیرا و ئاسینا و سایدۆن، دەبن بە پشتگیریکاری یۆنانییەکان، ڤینۆس و ئاپۆڵۆ و ئیریس دەبن بە پشتگیریکاری تڕۆوادییەکان.
تاوەکو یۆنانییەکان دەتوانن لە ڕۆگەی بیرەکەی ئاسپێکی دارینەوە بێنە ناو شاری تڕۆوادە، ئاسپێکی زۆبەڵاحی دارین دەهێنن لە دەروەی تڕۆوادە دایدەنێن، هاوکات کەمێک جەنگاوەر لە ناوەوەی ئاسپەکە خۆیان مات دەدەن، تڕۆوادییەکان وا دەزانن سوپای یۆنانییەکان پاشەکشەی کردووە، بەیە ئاسپەکە ڕادەکێشنە ناوەوەی شارەکەو وەک دەستکەوتێک چاوی لێدەکەن، تومەز لە نیوەشەودا جەنگاوەرە ئاسپارتاییەکان لە ئاسپە دارینەکە دادەبەزن و دەروازەی شاری تڕۆوادە واڵا دەکەن، بەمەش سوپا یۆنانییەکەی دەروە هێرشەت دەبێنە ژوورەوە.. دەتوانن شارەکە تەخت بکەن و بیسوتێنن، هەڵەناش لەگەڵ خۆیان ببەنەوە یۆنان و شارە دوورەتی سپارتە.
هۆمێرۆس سەربوردەی ئاسپە دارینەکەو هەرەسی تڕۆوادە لە داستانی دووەمی هۆمیرۆس بوونی هەیە، کە ناسراوە بە داستانی ئێدەسا و خودی بیرۆکەی ئاسپە دارینەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیری و لێوەشاوەیی ئێدەسا.

یونس تانج

ژێدەرەکان:-

– Homer. Robert fagles. Iliad. Panguin.London.1990

- دريني خشبة، قصة طروادة، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة،

2017

گەڕانکاری لە ڕووخساری ناوچەکەدا.. عوسمانی حاجی مارف

ئەو زنجیرە ڕووداوانەی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٤دا بەتایبەتی لە لوبنان بینراون، دەبنەتە هۆی گەڕانکاری لە ڕووخساری ناوچەکەدا.
تیرۆری حسن نەسروللا، لەکاتێکدایە کە گرژیەکی بوونەتە لەسەر بڕیاری باکووری ئیسرائیل لەگەڵ لوبنانداە لەئارادایە، ئەمەش بەردەوامی پڕۆسەندنی سەربازی و هاوکێشە نوێیەکان لە چەکردنەوەی لەشکرکێشی و کارەساتی کەمەکوژی و وێرانکاری بەبەزیانەی ئیسرائیل بە سەر غەززە و لوبنان نیشان ئەدات، کە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا دەگۆڕێت، چونکە ئەم ڕووداوە بە پێشهاتێکی مەترسیدار دادەنرێت، سەبارەت بە لێکەوتەکانی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و ئەمنی لە لوبنان و تەواوی هێڵەکانی ناوچەکەیە، لەهەمانکاتدا ترسی کاردانەوەی تووندی حزبوللا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە کەماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا دروست دەکات، بەمانایەک بەرزکردنەوەی ئاستی دەخی جەنگ و ئاگرییە کەشکردنی ناوچەکەیە بە شێوەکی گەورەو وێرانکەرو کوشتنی بە کەمەڵ و خوێناوی.
پێشتر بنیامین ناتانیاهۆ، زنجیرەیەک هێرشی لە دژی ئێران و هێزەکانی سەر بە ئێران بەاوکردبوو. لە هێرشەکانیدا حیزبوللای بەتایبەتی هێنایە ئاراوە، "بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حیزبوللا ڕۆگای شێوی هێبزاردوە، واتە ئیسرائیل جگە لە شەڕ هیچ بژاردەیەکی دیکەی نیە". جگە لەوەش حکومەتی ئیسرائیل بانگهێشتکردنی دوو لیوای یەدەگی بە بڕیاری باکوور ڕاگەیاند، کە ئامادەیە بە لەشکرکێشی زەمینی بە سەر خاکی لوبنان!، بەمشێوەیە فراوانکردنی داگیرکارێکانی ئیسرائیلە بە دەرچون لەو قەیرانەی لە غەززەدا دەرگیری بووە، کە لەمبارەیەوە بە تیرۆری حەسەن نەسروللا و بەشێک لەسەرکردەکانی حزبوللا، ناتانیاهۆ سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا و کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی کەسایەتی لە ناو ئیسرائیلدا دانا، لەهەمانکاتدا هێلی بە هێڵکەوتوە کە درێژە بەم شێوە دەندانەیەی

بدات.
نەتانیاهۆ، لە ماوەی پانزە ساڵدا، ئیسرائیلی خستبووە ناو جەشنی وەستانەوە لەبەرامبەر ئێراندا، تا ئادیۆکی زەر بکاری هێناوەو دەرفەتی ئەوەی قەستبووە بیسەلمێنێت کە بوونی ئێران چەندە مەترسیدارە و هەڕەشەیەکی ئاستەقینەیە بە سەر بوونی ئیسرائیل.
بەیە هەموو ئاکۆکیە سیاسی و ستراتیجیکان بەپێی دیدگای ئیسرائیل، هاوکاتە لەگەڵ ئەم هەڕەشانە و مەترسی ئێران بە سەریان، ئەگەر لە خەڵکی ئیسرائیل پرسیار بکرێت کە زیاتر هەست بە متمانە لەگەڵ کە دکات، ئەوا زەرترینیان ناتانیاهۆ هەڵدەبژێرن، تەنانەت ئەگەر لە چەپ بن یان نەیاری سەرکی ناتانیاهۆش بن.
گرنگترین پرسیار لەم چوارچێوەیەدا، پەیوانی سەرکەوتن بە ئیسرائیل لە شەڕی لوبنانداچیە؟ بەشێک لە خەڵکی ئیسرائیل ئەوە دەبینن کە ئامانجی سەرکی لابردنی چەبونەوەو دورخستنەوەی حزبوڵایە لە ناوچەکەدا، بەشێکی تریش زیاتر پەداگری لەسەر سەرکەوتن بە وخاندنی حزبوڵا و کۆتایهێنان بە بوونی حزبوڵا دەبینن.
لە گەڕانی دیپلۆماسیدا، تەنانەت، ئەپۆزسیۆنی ئیسرائیلیش دان بەوەدا دەنێن کە چوونە ناو هەڕەشی دیپلۆماسی تەنیا دوای نیشاندانی هێز دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بۆتایبەتی لەبەرامبەر ئەو هێزاوانەی کە بە هێزاوی تیرۆرستی وەسفیان دەکەن، بەومانایە کاتێ ئامادەی ئەگەری دانوسانن لەگەڵ ئەو هێزانەدا کە تەواو هیلاکیان کەن، هەر بەیە ئەم ماوەیە ناتانیاهۆ باسێکی لەسەر دانوسان نیەو لە تاوانکانی بەردەوامە.
ناتانیاهۆ و ئیسرائیل، بە پشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، پاراستنی ئیسرائیل وەک سەنگەر و قەڵایەک لە بەرامبەر ووڵاتانی هەژهەژاتی ناوەڕاستداو لەلایەکی ترەوە وەستانەوە لە بەرامبەر ململانێ و دەخالەتی ووڵاتانی زلهێزی وەک روسیا و چین لە ناوچەکەدا حسابی لەسەر دەکەن، لەم بارەیەوە سەرکەوتنی ئیسرائیل لەم شەڕەدا دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە بە ئەمریکا، کە قەرەبوی بەشێکی گەورە لە شکستەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکاتەوە.
لە چەند مانگی ڕابردوودا ئیسرائیل بزوتنەوەی حەماسی لاوازکردوە، هێزەهاوبەشێکی زەر لە توانا و چەک و سەرکردەکانی حزبوڵای لەناوبردوە، کەوەک هێزێکی چەکدار وەها لاوازی کردوە، کە بە ئێران زەحمەتە بتوانێت بە ساڵانی داهاتوودا هەڕەشەی لە ئیسرائیل پێبکات. لەڕوە دەتوانین بڵێین ئیسرائیل گەورەترین گورزیدا لە هەوەی بیست ساڵەی ئێران لە بنیاتنانی ئەو هێزە میلیشیایانەی ێکیخستبون و دایمەزرانبون.
ستراتیجی ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا چە بووەتەوە لەوەی

کە لەسەر بنیاتنانی ئامرازی کاریگەر لە دژەوەی سنورەکانی دامەزرێنێت، تا لەو ڕێگەیەوە توانایی بەربەستێک دادەمەزرێنێت کە ڕێگری لە نێوارەکانی دکات لە هەرشکردنە سەری. ئێران بە قەناغ چەندین هێڵی بەرگری بنیاتناوە، لە دوای لەشکرکێشی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨٢لە لوبنانەوە دەستی پێکرد بە دامەزراندنی حزبوڵای لوبنان،، پاشان لەعێراق کەدوای لەشکرکێشی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣، فراکسیۆنەکانی هەزەکانی حەشدی شەعبی پێکهێنا، هەروەها لە سوریا و یەمەنیش لە دوای بەهاری عەرەبی ٢٠١١ هەوێیدا بە دروستکردن یان پشتگیریکردنی میلیشیا ناوخۆیی و هاوردەکراوەکان، هەبەتە حزبوڵا هەرە گرنگترین و کارامەترینی دەستکردەکانی ئێرانە. ئێران لە ڕێگەی ئەوانەوە شەڕی بە وەکالەت لە دژی نێوارەکانی دوور لە خاکی خۆی ئەنجامدا، بەبێ ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆ تێوەگلابێت. ئەم ستراتیژە بە ماوەی نزیکەی دوو دەیە سەرکەوتو بوو لە ڕاگرتنی ئیسرائیل و ئەمریکا لە هەرشکردنە سەر ئێران، تا ئەو کاتەی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٤، ئیسرائیل توانی هەرشی توند بکاتە سەر حزبوڵا، کە پەدەچێت هەمان کاریگەری ڕووداوەکانی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لەسەر سیستەمی ناوچەیی هەبێت، بەتایبەتی لەسنووردارکردنی ئێران، بەم شێوەیە لە ئاکامدا دەخی ئێران تەواو دشێوێنرێت.
ئیسرائیل بەوردی پلانی داشتووە بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی حزبوڵا و ئەوهەزانەی پاشکەی ئێرانن لە ناوچەکەدا، ئەم شێوە لەگەڵ ئەوەی زۆر تووندوتیژو خوێناویە، لەهەمانکاتدا زۆربەی هەرشە سەربازیەکان ئاراستەی حزبوڵا و سەرکردەکانی و لەناوبردنی چەکەکانیانە، بەڵام بەگشتی لەسەرەتای ئەم هەرشە دەندانەیەی ئیسرائیل بە سەر غەززەو لوبنان تائێستا بەجیا لە کوشتاری زیاد لە چل هەزاری دانیشتوانی غەززە، ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە ناچارکران بە هەڵاتن زیاترە لە ملیۆنێک، ناسینەوەی ئەم شێوە پەویستە لەو شوێنەوە لەکدانەوەی بە بکرێت کە هەرشی دەندانەی ئیسرائیلە بە سەر خەڵکی فەلەستین و ڕەتکردنەوەی چارەنوسی خەڵکی فەلەستینە لە خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین.
شێوەی خەبەدورگرتنی حزبوڵا لە شەڕی غەززە نەبووە هەی ئەوەی ئیسرائیل نێکاتە ئامانج، ناتانیاهو بەیاری داوە تواناکانی ئەو حزبە نەهێڵێت، دەتوانرێت دوای چەندین خولی هەرش بگوترێ کە زۆربەی سەرکردەکانی بەبێ شەڕ کوژراون و زۆربەی چەکەکانی حزبەکەش لەکاتەکدا لەناو فڕۆشگاکانیاندا بون لەناوچوون، ئەمەش دەخێکی سەختە بە حزبوللآو ئێران، کە چەن بەبێ شکستی تر لەم دەخە دەنە دەرەوە.
ئێران نەگەیشتووەتە قەناغێک کە دەستبەرداری حزبوڵا بێت، وە

دەستبەرداریشی نابێت، تەنها کاتێک نابێت کە گەورەترین سەروەت و سامانی سەربازی کەماری ئیسلامیە لە دەروەی ئێراندا، هەربەیەک هاوپەیمانەکانی لە حزبوڵڵا بجیا لەوەی دەیەوێت حزبوڵڵا کۆتایی پێبهێنێت، لەهەمانکاتدا لە هەوڵی ئەوداین ئێران کێشکات بە ناو شکۆکەو لەم ڕێگەیەوە دەخێکە زیاتر بخاتە ناو چوارچێوەی شکستکی ناوچەیی و فراوانەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم هەلومەرجەدا ئەوە تەنها ئیسرائیلە کە هەڕەشەی لێکردووە بە بەرژەوەندیەکانی حساب دەکات و پێداگری لەسەر شکستی ناوچەیی فراوان دەکات.

پێشبینی دەکرێت ئێران زیاتر هەوڵبدات ئاستی ململانێکانی لە دژی ئیسرائیل کەم بکاتەوە و بەقازانجی نیە بگلێتە ناو شکستکی فراوانەوە، سەرکردایەتی ئێران بە خەیان ئاگاداری ئەوەن کە هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر ئیسرائیلدا لە قازانجیان نەماوە. شکستی لەگەڵ ئیسرائیلدا چوار هاستی ئاشکرا کرد: یەکەمیان ئەوەیە کە ئیسرائیل توانای ئەوەی هەیە شکستکی درێژخایەن ئەنجام بدات، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم شکستە نزیکەی ساڵێک بخایەنێت. دووەم: بیروڕای گشتی ئیسرائیل گەڕاوە و تارادەیەک پاڵپشتی شکستکە دەکەن، لە ئەنجامی ئەمشدا نەتانیاهۆ، بوو بە سەرکردەیەکی مێژوویی لەنێو بەشکی زۆری هاووڵاتیانیدا. سێیەم: ئیسرائیل زۆر گرنگی بە زیانە مرۆیەکانی نەداوەو نادات، بەبیانوی ئەوەی کە هەزاران کوژراو لەنێو ئیزەکانیدا هەویانداوە. چوارەم: شکستی ئێستا ئەو هاستیەی پشتڕاست کردەوە کە ئیسرائیل بەتەنها هێزێکی سەربازی بەتواناو بەشکابەر لەناوچەکەداو ئەمریکاو ڕۆژاوا پشتیوانی جدی لەدەکەن.

کاتێک بزووتنەوەی حەماس ئۆپەراسیۆنی لافاوی ئەقسای دەستپێکرد، لە ئێنجامدا، ئاشکرابوو کە پەرچەکرداری وەرانکاری ئیسرائیل لە سەر غەززەو دواتر هەرش بە سەر لوبنان، ئێران هەموو ئەو هێزو گەنجینانەی لەدەست ئەدات کە لە ماوەی دوو دەیەدا دروستی کردون، ئەگەر شکستکە نەشگاتە ناوخەی ئێران،بەڵام پێگە و هاوسنگی هێزی ئێرانی تەواو هێناوەتە خوارە، هەروەها مەترسی کۆتایی دەسەاتەکەشی ئەگەرەکە!.

بەشێوەیەکی بەرچاو لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری (٢٠٠١)ەوە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا، ئێران سودی لە جەنگی کێنداوی دووەمی ئەمریکا وەرگرت، کە لە ئێنجامدا دوو دوژمنی سەرەکی ئێران لە ناوچەکەدا (ڕژێمەکانی تاڵیبان لە ئەفغانستان و سەدام حوسێن)ی ڕووخاند، ئەتوانین بڵێین کە دوای شکستکانی بەهاری عەرەبی و دەخالەتی ڕۆژاوا و ئەمریکا لە گەرینی ڕەوەی ئەو

شەرشانێ بەرەو شەڕی ناوخۆ. دەخی سیاسی چەژهەڵاتی ناوەڕاست بەجۆرێك ئاوگەڵی بەخۆوە بینی، لەلایەك مایەی پشێوی و ناجێگیری سیاسی و کارەساتکانی فراهەمهێنا لە ناوچەکەدا، لەلایەکی ترەوە دەرگای بە کەماری ئیسلامی ئێران ئاوالەکرد، کە نفوزی خۆی بەرفراوانکاتەوە و گروپ و هێزی چەکدار جێنیشین بکات، بەناو بەدوای هەرشەکانی ئیسرائیل بە سەر غەززەو باشوری لوبنان، دوای ئەوەی ئیسرائیل توانی هێڵی بەرگری ئێران لە هەموو گۆشەکانەوە لاوازبکات و یەک لە دوای یەک هاوپەیمانەکانی ئێران لاوازو بێکاریگەر بکات، ئیتر هیچ شتێک نیە ڕێگری بکات کە ئاستەوخۆ ئێران بکاتە ئامانج، ئەگەرچی ئێران لەلای خۆیەوە پەیوایە ئەگەر خۆی لە چوونە ناو هەوبەوبونەوەیەکی ئاستەوخۆ بەدوور بگرێت لەوانەیە لە ژیاندا بەمنەتەوە، بەناو واپەدەچێت ئیسرائیل بەم ئاستەی ئێستا واز لە جمهوری ئیسلامی نەهێنێ چ بە پەلکەشکردنی بەناو جەنگێکی ئاستەوخۆ یاخود بە سەپاندنی کەمەڵەك مەرج بە هاوکاری ئەمریکاو ڕۆژاوا بەسەریدا کە باڵادەستی ئێران لەناوچەکەدا کۆتایی پێبهێنێت و بگرە ئەگەری ئەوەش فراهەم بکات کە دەسەڵاتکەشی هەبرووی لەناوچوون بێتەوە!

لەئاستای هەڵگیرسانی جەنگێکی فراوانی وێرانکەرو قوربانیێکی بەشومار لە خەڵکی سڤیل و بێتاوانەوە، گەڵانکاری لە ڕوخساری ناوچەکەدا مانای چونە ناو دۆرێیکی تر لە ململانێ سیاسی نێوان ووڵاتانی زلهێزی دنیاو خولقاندی شەوازێکی نەرمنی تر، لە چرکردنەوەی گۆڕاو و ناجێگیری سیاسی لەناوچەکەدا بەگشتی و لە ئێراندا بەتایبەتی، پێشبینی دەکرێت.

ڕەوی بەرگرتن بەم کوشتارگایەی ئیسرائیل بەڕێخستوە و گرنگترین هەلوەست و کاردانەوەی کاریگەر بێ بەرگرتن بەم شێوە، فراوانکردن و بەهێزکردنی بەرەی دژی داگیرکاری و هەرشەکانی ئیسرائیل لە جیهاندا کە بەرامبەر خەڵکی فەلەستین و ناوچەکە ئەنجامی ئەدات.

لێبارەی چەمکی فەنتازیا و

خەیاڵ و.. عەبدولڕەحمان فەرهادی

هەموو فەنتازیایەک جۆرێک لە خەیاڵ و ژینگەی خەونامێز، یان نزیك لە کەتوار(واقیع)، یان زۆرجار دوور لە کەتوار! وەلێ هەموو خەیاڵێک فەنتازیا نییە! فەنتازیا جۆرێکی دیاریکراوە لە خەیاڵ کە پەیوەندیی بە چەنیەتیی بیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەیە، زۆرجار پەیوەندیی بە ماجیک(سحر) و جۆرەها خوڵقاوی خەیاڵبەندی دیکەوەی سروشتیشەوە هەیە. دنیای خەیاڵ زۆر جیایە لە کەتوار وەلێ ئاگڕ کەتوار نەبێت، خەیاڵیش نامێنێت، بەڵام دەتوانین بڵێین فەنتازیا جۆرێکە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خەیاڵامێز، خەیاڵیش دنیایەک شێواز و بیرکردنەوە دەگرێتە خۆی، لەوانە:

خەیاڵی ترسوتۆقێن، خەیاڵی زانستامێز، ترسی خەیاڵامێز. خەیاڵ لەکن مرۆڤ زۆربەی جار پەیوەندیی بە داهاتوو و دواڕۆژ و چیڕۆکی ژیان و خەون و خولیاکانی نزیک لە کەتوار هەیە. دەبێ ئەوەش بزانین کە فەنتازیا شێوە و کەنژانرێکی ئەدەبێ و لە سەرتاسەری جیهان و لەنێو سەرجەم گەلان، زۆر و جۆراوجۆر و هەراو و بەناو، ئەمەیش پەیوەندیی بە ئەفسانە و چیڕۆک و هەقایەتە میللییەکانەوە هەیە، کە بە درێژایی هەزاران ساڵ بووەتە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو و ڕەگاژۆ لە ئەدەبیاتی جیهان. ئەم ڕەنگدانەوە و بەکارهێنانی فەنتازیا لەنێو ئەدەب، زیاتر لە ڕەماندا پەلاژێی کردووە. دەرینیی فەنتازیا بە ئەفسانە و داستانەکانەکان دەگەڕێتەوە، بە نموونە یەکێک لەوانە داستانی (گەلگامیش)ی سەمەری و ئەلیادا و ئەدیسەی هەمیرسن، ئەمانەیش تژین لە دنیای خەیاڵامێز و بوونەوەری ئەفسانەیی دەندە و خواوەندی جۆراوجۆر! هەروەها چیڕۆکی میللی و فەلکلۆرییش کە مژووەکی دەرینیان هەیە، ڕەگەزێکی گرنگی لە پێکهاتەی فەنتازیا و ئەدەبی ماجیکامێز و دنیای دوور لە کەتوار و پڕ لە ئەژدیها و ئیفریت و گیانەوەری خەیاڵاوییی سەمەرە و مەترسیدارەوە هەیە. لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، لەو وەتانەی ئەوروپایش، چیڕۆکی خەیاڵامێزی پڕ لە ئەژدیها و گیانەوەری سەیر و خەیاڵاوی، زۆر بەناو بووە و فەنتازیایش ووبەرێکی زۆری لە داستان و ئەفسانە داگیر کردبوو. لە ماوەی ئەم سەدانەدا، خەڵک زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەریی خەیاڵ و لەمەشەوە ئەدەبی فەنتازیامێز گەشەی کرد.

لە چاخی ڕێنیسانس و دواتریش، نووسەرە داهێنەرەکانی ئەوکاتە،

بەرەیان زیاتر لە ئەفسانە و خەیاڵ سوودمەند بوو و بابەتی ئەفسانە و خەیاڵ زۆربەی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیانی گرتەوە، بە نموونە شاکارەکانی شەکسپیر، لەوانە (باهەز، خەونی هاوینە شەوێک) تیایاندا ئاوێتەیەک لە فەنتازیا و ماجیک پانتاییەکی زۆریان گرتووتە خۆ. دوای ئۆوش لە سەدەی نۆزدەم، فەنتازیا فۆرمێکی سەربەخۆی لە ژینگەی هەراوی ئەدەبدا وەرگرت، فەنتازیا هاتە نێو دەقی چیڕۆکی زۆر لە نووسەران. نووسەری ئەمریکایی ئەدگار ئەلان پۆ جگە لەوەی چیڕۆکخنووس و شاعیرێکی گەورە بوو، زۆرێک لە دەق و چیڕۆکەکانی شەوازێکی هونەریی زیاتریان وەرگرت و بە یەکێک لە داهێنەرانی چیڕۆکی خەیاڵامێز دەئژمێردرێت، چونکە خەیاڵی ئاوێتەی دەقەکانی کرد، بەشێوەیەک ئەمریکا شانازی بەوە دەکەن کە پۆ لە بەرهەمەکانیدا، داهێنەری جۆرێک لە خەیاڵی زانستامێز، بە نموونە لە کچیڕۆکی (زیندەوەری زیوین- ١٨٤٣ز) و (خزین بەرەو گۆڕان) و (شەوی هەزار و دووەمینی شەهرەزاد) کە دوو بەرهەمەکەی دواییی لە ١٨٥٠ بەهاوکراونتەوە و بە ستایلی تێکنیکاریی نەوان کۆتوار و خەیاڵ نووسراونتەوە. هەروەها لە ڕۆمانی (ئالیس لە وەاتی سەیروسەمەران- ١٨٦٥ز) هەمان ڕۆچێک و شەوازی گرتووتە بەر. پۆ، یەکەم نووسەری ئەمریکاییە کە بەهەی نووسینەکانیەوە بە کولەمەرگی ژیاوە.

لە سەدەی بیستەم، فەنتازیا لە ئەدەبدا شێوەیەکی پێشکەوتووتری گرتەبەر و بەرهەمی زۆرێک لە نووسەرە ناودارەکانی گرتەوە. لەم سەدەیەدا، فەنتازیا شەوازێکی هاوچاخانە و پێشکەوتووانەی وەرگرت و گۆڕانگاریی زۆری بەسەردا هات، تەنیا لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا نەمایەوە، بەڵکە کەوتە نێو تەکنەلۆجیا و تەنانەت سینەمایشی گرتەوە، ئەمەیش وای کرد ژانری (خەیاڵی زانستی) لەنێو خوێنەران، ڕووبەرێکی فراوان بگرێتەوە و خێرا و زۆرتر بەاوبێتەوە.

لەرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە فەنتازیا لە دەقی ئەدەبیدا، بەتایبەت لە ڕۆمانە جیهانییەکان، لەم بارودۆخی ئێستامان، زۆر بەربڵاوە و لەڕووی بابەتەوە شەوازێکی جیاوازی بە بەراورد بە سەردەمی کۆن وەرگرتووە، ئێستا فەنتازیا هەر تەنیا لە چوارچێوەی ژینگەیەکی کۆنی سیحرامێز نەماوەتەوە، بەڵکە بووەتە هەیەک بە سەرهەڵدانی بابەتی هاوچاخ بە میتۆدێکی سەرنجڕاکێش. لەو ڕۆمانە جیهانییە هاوچەرخانەی کە ئەم لایەنەیان گرتووتە خۆ و بریتین لە لەخۆگرتنی فەنتازیا و کۆتوار، کە بابەتکانیان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە کێشە کۆمەڵایەتی و ئامیاری و سایکۆلۆجییەکانەوە هەیە، بریتییە لە ڕۆمانکانی نووسەری ناوداری چیلی، ئالیزابەت ئاللیندی و نووسەری ناوداری یابان هاروکی مۆراکامی.

لە ئەدەبی هاوچاخدا، زەرجار فەنتازیا وەک ئامرازێک بۆ ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی، سوودی لێ وەرگیراوە، بۆ نموونە بەرهەمهێنانی وەک (منداڵانی خوێن و ئیسقان)ی نووسەری ئەمریکایی تامی ئادیمی کە پەیوەندییان بە کاریگەریی داگیرکاری و ناسنامەوە هەیە. تامی ئادیمی نووسەر و مامۆستایەکی نەجیریایی- ئەمریکاییە، دەنگێکی سەرنجڕاکێشی ئەدەبی فەنتازیایە و خوێنەرێکی زۆری هەیە، مامانی ناوبراوی لە ٢٠١٨ بەناوبانگترین کتێب بووە لە لیستی ئامۆ کتێبانەی لە نیویۆرک بڵاوبوونەتەوە، بەهۆی ئەم مامۆستایەوە چەندین خوێنەری بەخشرایە و دواتر بە فیلمی سینەمایش بەرهەم هات. ئەم مامۆستای ئادیمی باس لە کۆلۆنیالیزمی ئەفریقا و ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی ڕەگەزپەرستانە و خێرات دژی ستەم و زەرداری دەکات؛ پاڵەوانی ئەم مامۆستا ژنێکی بەهێز و ئازایە، ناوی (زیلی)یە کە لەگەڵ هاوڕێی گەورەی ماجیک و ڕزگارکردنی گەلەکەیدا تەدەکۆشێت، زیلی نموونەی ژنێکی بەهێزە کە نەک هەر دژی دوژمنانی دەجەنگێت، بەڵکە دژی دواکەوتوویی و تەقلیدی و گومانە ناوخێیەکانی کۆمەڵگاکەیشی لە تەکۆشاندایە. ئەم مامۆستایە باسخێکی زۆر بە ڕەگ و کەسایەتیی ژنان دەدات، کە چۆن خێرات دژی زوڵم و دواکەوتوویی دەکەن، هەروەها یەکێک لە تەوەرە گرنگ و سەرەکییەکانی کارەکانی ئادیمی، بریتییە لە کۆشەی ناسنامە و سەربەخێیی کەسایەتییەکانی ناو مامۆستاکەی. کەسایەتییەکانی ناو مامانی (منداڵانی خوێن و ئیسقان) بەهۆی مامۆستا و پەگەی کۆمەڵایەتییەوە، بەرانبەر کۆشە و ململانێی ناسنامەوە، ووبەڕووی چەوساندنەوە دەبنەوە. ئامێیش کۆشەی گەورەی زەربەی گەنج و ڕەگەکانی کۆمەڵگایەکەیەتی، کە بەردەوام لە ژێردەستەیی و جیاکاریدا دەژین. لەنەو ئەدەبیاتی ئەمەدا، تا ئێستا ئەدەبی فەنتازیا و ئەدەبی خەیاڵی زانستی و ئاوەتەکارییان لە دنیای مامان و چیرۆک و دەقی دیکەدا، بەو شێوە سەرنجڕاکێشە نییە تا بتوانین ناوی نووسەرێکی خەمان بهێنین کە بەم ژانرەی ئەدەب ناودار بووبێت، یان هیچ نەبێت بەمە ناسرابێت! ئەگەرچی ئەم ژانرە لە ئەدەبیاتی گەلانی دنیادا، مێژووەکی هەیە، وەلە لای ئەمە تا ئێستا گومانم لە بوونی هەیە، مەگەر هەیشبێت! لەوێیە لە پەڕاوکە و سەرەتاتکەدا بێت!